# یەکێتی دوای تاڵەبانی

ئایندەی یەکێتی نیشتمانی دوای تالەبانی مەسەلەیەکە کە نەك هەر چاودیرانی دەرەوەی یەکیتی بەلکو ناو ریزەکانی یەکیتیشی خستۆتە بەردەم نادیاریەکەوە. ئەم نادیاریە سەرجەم هاوسەنگی هیزەکان و ئایندەی دەسەلاتداریتی لە کوردستان دەخاتە ژێر سێبەر و کاریگەری خۆیەوە.

یەکێتی لەگەڵ چەند کێشەی گەورە بەرەو ڕووە و لەسەروو هەموویانەوە کێشەی پێناسەی خۆیەتی لەبەرامبەر پارتی‌دا. یەکێتی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە وەك باڵی چەپی بزوتنەوەی ناسیونالیستی خۆی ناساند و لەرەخنەگرتن لەبنەماڵەی بارزانی و ئاشبەتاڵی ئەوان هاتە مەیدان. شەخسی جەلال تالەبانی توانی لەسایەی ئەم ناسنامە و جیگاورێگایەدا دەسەلاتی تاقانەی خۆی جێگیر بکات و یەکێتی نیشتمانی لەسەر ئەو بنەمایە لە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا وەك قوتبیکی تر شکڵ پێبدا. لە ساڵی 1991 یشەوە یەکێتی نیشتمانی وەك رەقیبی پارتی لە کێشەی دەسەلاتدا بەشێوەی شەڕ و فیفتی فیفتی کردنی دەسەلات وەزعی سیاسی سەرگەردانی کوردستان دەباتە پێشەوە.

ئێستا زۆرێك لەم فاکتەرانە گۆڕاوە . یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا مەسەلەی باڵی چەپ و بنەماڵە و مافی چارەی خۆنوسینی نەماوە . پارتی لە مەسەلەی سەربەخۆیی ئیدارەی کوردستاندا جدی‌ترە و یەکیتی زیاتر سوێند بەسەری یەکپارچەیی عیراق دەخوات . گەندەڵی ناو یەکیتی حەوت بەردی داوە بەپشتی دەسەلاتی بنەماڵەدا و دەست هێنان بە پشتی لایەنە ئیسلامیەکان و ئیران یەکیتی زیاتر درێژەی پێ‌دەدا . سەرهەڵدانی بەهێزی بزوتنەوەی شورایی و کۆمۆنیستی و خۆنیشاندانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق وەك بزوتنەوەی چەپی کۆمەڵگای کوردستان و بوونی بە سەنگەری نارەزایەتی خەلکی کوردستان ،کریکار و ژنان و لاوان ، بەرامبەر بە دەسەلاتی میلیشیایی یەکێتی وپارتی و راوەستانەوەی بەرامبەر بە ئیسلامیەکان و هتد..

جگە لەوەی یەکیتی ئەم پایە سیاسی و کۆمەلایەتیانەی پێشووی لەبەرامبەر پارتیدا نەماوە و توشی بن بەست و سەرلیشواویەکی سیاسی و هەویەتی بوە بۆ خۆپێناسەکردنەوەی لەلای جەماوەر، فاکتەری کێشەی دەسەلات لەسەر یەکێتی دوای تالەبانی دەورێکی سەرەکی و چارەنوسازی هەیە. ئەم حکومەتە یەکگرتووەی ئێستا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کاتی پارتی ویەکیتی دروست بوە و ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگی هێزەی ئێستا لەنێوانیاندا وابەستەیە بە فاکتەرەکانی بەشە دەسەلاتیان لە عێراقدا و چۆنیەتی درێژەپیدانی ئیدارەی محەلی کوردستان لەسایەی ئایندەی نادیاری عێراقدا بەپێی نەخشە و سیاسەتێك کە ئەمریکا پەیڕەوی دەکا. کەتیایدا دەوری بارزانی بریتی‌یە لەجێخستنی دەسەڵاتێك لە کوردستاندا کە سەربەخۆییەکی دیفاکتۆی بەدواوەیە لەسایەی وەزعی ناجێگیری عێراقدا و بەم پێیە پارتی ڕۆڵی سەرەکی و باڵادەستی دەبینێ و حکومەتی یەکگرتوو ئەم هاوسەنگیە کاتیە بەقازانجی پارتی دەباتە پێشەوە. ئەمە ستراتیژی پارتی‌یە بۆ جێگیرکردن و سەپاندنی باڵادەستی خۆی لە کوردستاندا و کێشەی دەسەڵات لەنێوان دوو هێزی میلیشیایی یەکێتی و پارتیدا ئەستەمە بتوانێت بە ڕێچکەی فیفتی بە فیفتی ئاشتیانەدا بڕواتە پێشەوە.

کوتلەکانی ناو یەکێتی شەڕیان لەسەر پچڕینی بەشە دەسەلات و سەروەت وسامانی یەکێتی‌یە و هەموو پرۆژەکانی چاکسازی لە دەوری شەڕی ئەم کوتلانە بۆ یەکلایی کردنەوەی دەسەلاتیان رێك دەخرێ. هێزێکی میلیشیایی کە تا ئیستا لەسەر سونەتی دەسەلاتی تاکرەوی دامەزراوە و بەم کێشانەی کەهەیەتی ناتوانێت دوای تالەبانی چاوەروانی ژیانی ململانێی مەدەنی

فراكسيۆنەكانی بكەیت. بەتایبەت بەوەی كە یەكێتی داوی تالەبانی ناتوانێت وەڵامی ئەو كێشانە بداتەوە كە روبەروی ئەم حزبەیە لەئاستی پێناسەی سیاسی و كۆمەلایەتی خۆیەوە تا دەگاتە ئاستی كێشەی دەسەلاتی لەگەڵ پارتیدا. ئەمە واقعیەتی یەكیتی دوای تالەبانیە و چارەنوسی یەكێتی بە پلەدووبونی لە بەرامبەر پارتیدا دەبات و ئایندەیەكی نادیار ڕوبەروی هاوسەنگی ناجیگیری ئێستا دەكاتەوە و ئایندەی كوردستان بەرەو ناجیگیری زیاتر دەبات.

ئەوەی دەتوانێ بەر بە درێژەكێشانی دەسەلاتی میلیشیایی و نامەدەنی كوردستان بگرێت و خەتەری زیاتر بالادەستی دەسەلاتی دژی ئازادی پارتی بگرێت و كێشەی كوتلەكان و گەندەڵی نێو یەكێتی ژیان و چارەنوسی كوردستان روبەروی نائارامی زیاتر و شەڕ و كێشەی چەكداری نەكێشێت ، دەركەوتنەوەی بەهێزی بزوتنەوە چەپ و كۆمۆنیستی یە یە لەبەرامبەر ئەم هێزە ڕاسترەو و میلیشیانەدا. هەر كەس و لایەنێك لە كوردستان و تەنانەت لە ریزەكانی یەكێتیدا نایانەوێت دوای تالەبانی ئایندەیەكی نەخوازراوی تر بەسەر خەڵكی كوردستاندا بسەپێ لەلایەن پارتی و كوتلەكانی ناو یەكێتی یەوە پێویستە بەلێپرسراویەیتیەوە سەیری ئەم واقعیەتە بكەن و رێگەی خۆیان لە بەهێزكردنی بزوتنەوەی چەپ و حزبی كۆمۆنیستی كریكاریدا بدۆزنەوە. حزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئەو سەنگەر و بزوتنەوەیەیە كە دەتوانێ خەڵكی كوردستان و ئایندەكەی لەدەستی حزبە ناسیونالیست و راسترەوەكان دەربهێنێ و ژیانێكی باشتر و دڵنیا بەدی بهێنێ.

**ئاسۆ كمال**

2006/06/15